# شەونم

هۆنراوەی (84)

**ای خسرو خوبان نظری سوی گدا کن**

**ئەی شای هەموو جوانان وەرە چاوێ لەگەدا کە**
**روحمێ بەمنی سووتەدڵی بێ سەر وپا کە**
**پێویستی بە ئاوڕێکە دڵی عاشقی مسکین**
**لەو چاوە رەش و مەستە بەغەمزێکی رەوا کە**
**گەرمانگی فەلەک پێی وتی وەک تۆم لە جەماڵا**
**جارێکی بەرەو روو بەوە قامکت لە حەوا کە**
**ئەی سەرو! لە باغ و چەمەنێ را وەرە تاوێک**
**لەم بەزمە بەلەنجێکی کراسان بە کەوا کە**
**پەروانە و شەم بولبول و گوڵ پێکەوەن ئەی دۆست**
**ماوینەوە تەنیا وەرە ئەو دەردە دەوا کە**
**تاکەی بەجەفا و جەوری لەگەڵ هۆزی ئەویندار**
**دەس کە بەوەفا بەس کە جەفا بیری خودا کە**
**توخوا وەرە گوێ شل مەکە بۆ دوژمنی بەدگۆ**
**گیانە لەگەڵ ئەو حافزی بێچارە وەفا کە**

حافزی حەقیقی